هۆنراوە

# تەکان

عبدالخالق



لە بڵاوکراوەکانی سەعدوڵڵا شێخانی ژمارە (٨) .

ئیسماعیل تەنیا

١٩٩٠

له بلاوكراوه‌كانی سه‌عدوللا شێخانی ژماره (٦) ٠

هۆنراوه

# ته‌كان

ئیسماعیل ته‌نیا

به‌غدا چاپخانه‌ی - الامة - ١٩٩٠

- هۆنراوه ـ تەکان ـ
- ئیسماعیل تەنیا ٠
- چاپی یەکەم ، ١٩٩٠ ٠
- (١٠٠٠) دانەی لێچاپکراوه ٠
- بەغدا چاپخانەی الامه ٠

★ ★ ★

☆ ئەم کۆمەڵە شیعره پێشکەشه بە « ژۆڤان »ی کچمو دایکی ژۆڤان ٠

# یادەکانم لە سوڕانی شەوێکدا (١)

ئێ شەونمی سەر پەڕی گوڵ
هەرچەند ئێستا کە لێت دوورم
لە دوا دوای ئەو بستە خاکەی
جەمسەری ئەوسەرو ئەمسەری سنوورم
بەڵام گیانە
هێشکم بووە بە سینەماو
یادەکانت
وەک ئاوێکی بەربەست کراو
گینگڵ ئەدەن
دەواری ماڵە ڕەوەندێکی گەڕۆکەو
لە ئاقاری
دڵی پاکمدا هەڵ دەدەن .
هەر چەند چاوم لەیەک دەنێم
بە نیازی نویشکێک خەو
ئەندێشەکان شەپۆل شەپۆل
تەوژم دێنن
میوانداری دەکەن لەشەو .
تۆش دەبیتە پەیکەرێکو حاجی (٢) ئاسا

لە كامێرای چاوەكانم
بزر نابی ٠
دەبی بە منداڵی بێشكەو
بەسەد لای لایەی « دادە » گیان
بۆم ژیر نابی ٠
ئاخر چی بكەم
خەمی دووری زۆر پیرۆزە
وەكو بڵێسەی نەورۆزە ٠
ئێ شەونمی سەر پەڕی گوڵ
هەرگیزاو هەرگیز بۆم ناكرێ
یادەكانت فەرامۆش كەم
ژیلەمۆیەكی داگیرساو
بە فوو ئاوا خامۆش كەم

٩-٢-١٩٨٤

---

(١) لـە گۆڤاری « بەیان » ژمارە (١٢٩)ی ئاداری ١٩٨٧ بڵاوكراوەتەوە ٠

(٢) مەبەست لە پەیكەرەكەی حاجی قادری كۆیی نەمرە ٠

# زام[1]

ئێ لە گیانم خۆشەویستتر
تۆ زامێکی سەر بە ژەهری
لە جەستەی بچکۆڵەی مندا .
گەورە دەبی و سارێژ نابی
چوزەرە دەکەی لە بنڕا .
هۆ زامەکە !
من دەزانم
تۆش دەزانی
هەتا شەپۆڵی ڕووباریش
پەی پێ دەبا کەوا کانی
چۆڕاوگەی ئاوی کەم دەبێ
بەڵام هەرگیز ڕوویندداوە
ئاوی ببڕێ لە بنەوانی .
ئێ لە گیانم زۆر شیرینتر
شەوی تەنیاییم درێژەو
چۆن بەبێ تۆ دەبڕێتەوە ؟!
ژانەکانم سەر هەڵدەداو
وەک ئاگرەکە

له برینمدا دەڕوێنەوە ،
تا هەموو گیانم دەتەنن ٠
تۆش دەزانی
برینەکان ساڕێژ نابن
تا ئەو کاتەی من دەبمە تۆو
تۆش دەبیە من ٠

١٤ـ١٠ـ١٩٨٤

★ ★ ★

(١) لـە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (١٠٢٣)ی بـەرواری ١٠ـ١١ـ١٩٨٨ بلاوکراوەتەوە ٠

# سووتانی دڵێك لە شەوی نەورۆزدا[1]

دڵی خۆم کردە قودیلەی چرایەكو
خوێنیش نەوت
هەر بۆ ئەوەی
ساتێکی شەوی تەنیایت
ڕۆشن بکات .
هەر بۆ ئەوەی خورپەکانت
وەك غەواسێکی نێو دەریا
بەرەو جیهانێکی ڕوونو
لەمە گەورەترت ببات .

★ ★ ★

هۆ خۆشەویستە دوورەکە
لە نەورۆزی ئەم ساڵەدا
لە دوور وولات
چیم دەست نەکەوت بیسووتێنم
بێجگە لەم دڵە بچکۆلەو
کۆتکێك خوێنی سوور نەبێ
تاکو لە یادی ئەم شەوە پیرۆزەدا
بڵێسەی گڕی دڵەکەم

گۆرانی ئەم ئەشقە پاکە
وەك سەرچۆپی
لەگەڵ لوونکەی
سەفینە شێتو قەندیلدا
لەیەکتری وەرگرنو بیلێنەوە
لە چاوی ڕەشتاڵەی گەشی
وەك قرژاڵی
منداڵە شڕو ڕووتەکان
داستانێکی زۆر گەورەتر
لە داستانی کاوەی نەبەز
بخوێننەوە •

١٩٨٤-١٢-٢٧

---

(١) ئەم شیعرە لە گۆڤاری « ئۆتۆنۆمی » ژمارە (١) ی ساڵی نۆیەم ، ١٩٨٥ بڵاوکراوەتەوە بەڵام ناوەکەمی بەسەرەوە نەبوو • بۆیە لە ژمارە (٤)ی هەمان گۆڤار « بۆ زانین »ێك بڵاوکرابووەوەو ئەم هەڵەیەی ڕاست کردبووەوە •

## سێ کۆپلە شیعر (١)

١ ـ ماچ

لە مایکرۆفۆنی ئێستگەکان

پەخش کرا ٠

لە بەیاننامەی دوا کۆنگرەی

پەپوولەو باڵە فڕەکان

بڕیار درا

ئەگەر بۆ یەک خولەکیش بێت

بکەن ماچی تیشکی چرا ٠

٢ ـ یەک بوون

یەکبوونی خوڕەی جۆگەکان

ڕاگەیاندراو بوونە ڕووبار

لەدوا هەواڵ

بەستەڵەکی دەربەندەکان توایەوەو

مۆژدەی سەوز بوونی گوڵو

نەمامەکان

درایە بەهار ٠

٣ ـ هێلانە

سواندوکەیەک

لەبن سوانەی کوختی ماڵە
هەژاریکدا
هێلانەی کرد ٠
بەجێی نەهێشت ٠
تا ئەو کاتەی
لە نێرینەی شەوێکی ساردی زستاندا
لە سەرماندا مرد ٠

٢ـ١ـ١٩٨٥

★ ★ ★

---

(١) لـە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمـارە (١٠٤١)ی بەرواری ١٢ـ١ـ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە ٠

# ئاگردان

دیسان ئاگردانی دڵم

پشکۆکانی گرتە باوەش ٠

پشکۆکانیش دار بەڕووەو

هێندە سوورن ،

ڕێگا دەبڕن

دژی تەلبەندی سنوورن ٠

١٩٨٥-١-١٨

# تەگان(1)

کە دابەزیم لە پاسەکە
بەپێ دەشتی
سینگ‌و بەرۆکی ئەم خاکە
کەوتمە ڕێ

گزەبای ساردی «دەربەند»یش
وەك بروسکە
ڕوومەتەکانم ماچ دەکاو
بەلامدا دێ‌و تێدەپەڕێ .
ڕێگاش گلۆلە بەنێکی کراوە بوو
لوولاقەکان هەڵیان پێچا .
لە سەرەتای هەورازەکە
هەنگاوەکان
بەسەر تاوێرە شاخەکان
تەکانیاندا
ڕێچکۆلەکە مارێکی کینگل خواردو بوو .
ئاوە ئاوەشی
بەڵاڵوك‌و دار بەڕووی چڕ

هەنگاوەکانیان شل دەکرد .
دەمارەکانی خوێن بەریش
بە تەوژم‌تر
بروسکەیان بۆ دڵ دەبرد .
لەناو قەدی گینگڵەکان
گۆزینگەکان
ئارەقەی ڕەشیان پێ ڕشتم .
بەڵام تیشکە گەشەکانی
چاوەکانی دەستگیرانم
« هیوایەك بوو
ئازارەکانی دەکوشتم »(٢) .

١٩٨٥-٢-٤

---

(١) لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە «٩٧٨»ی بەرواری ٣٠-٥-١٩٨٨ بە شێوەیەکی نارێك بڵاوکراوەتەوە . کۆپلەیەك پاش و پێش کراوە .

(٢) ئەم دێرە شیعرە لە ژێر تەئسیری دێرە شیعرێکی مامۆستا گۆرانە کە دەڵێ :
« دکتۆرەکە
ماری شێرپەنجەی ئەکوشتم »
دیوانی گۆران ، شیعری وەڵامی پرس ، ل٢٢١ .

# نەورۆزو عەشق و لێکدابڕان[1]

هایێ هایێ
سیمات تەنەسەمێکی ژانکرتووی بزێوە
بەڵام چیبکەم دەنگت نایێ •
چوار نەورۆزەو
عەشقت بۆتە مێروولەیەکی بێ وواڵات
بە ئەنگوستی پەنجەی پێمدا هەڵدەکەڕێ
بەبێ ئۆقرە نا دەگاتە
دوا ترۆپکی لووتکەی ئەنجام
بە ئاستەمیش ڕێ ناگۆڕێ •
چوار نەورۆزەو
زەوی و زاری کێڵگەی ئەوین
چاوەڕوانی
پەڵەی بارانی دیدەنتە
کەچی هەوری دیدەنیشت
بە وواڵاتی گەرمەسێرم گوزەر دەکاو
دەمی ووشک و حەزی تینووم
تێر ئاو ناکا •
بۆ نازانی

من لەمێژە

تەریفەمو

کەچی ڤەیناغو داسیشم هەر لە دەستە

لەناو تەبارەی گەنمو جۆم

هەڵکێشانی لە ڕەگەوەی

هەژگو زیوانم مەبەستە .

★ ★ ★

ئەمشەو لەدوا پێکی شەودا

سیمات بوو بە فریشتەیەکی ڕووتو قووت

لە ئاوێنەی گۆمی حەزم

بەدیم کردی .

بەرامبەرم ڕاوەستا بووی ،

تێم ڕوانیو تێت ڕوانیم

کەچی دەستم بۆ نەبردی .

ئەی فریشتەی ڕووتو قووتی گۆمی حەزم

دەزانی چیم لەلا ئێجگار خۆشەویست بوو ؟!

ئەو دوو گۆمەی لەژێر باڵی

دوو شمشێردا ڕاکشا بوون .

چونکە گیانە

ماسی گره‌کان ده‌خنکێنێ ٠
وولاتێکی پڕ له ئاسایی‌و هێمنیش
بۆ ماسی‌یه ووردیله‌کان
ده‌خولقێنێ ٠

٢-٤-١٩٨٥

★ ★ ★

---

(١) له ژماره «١»ی ساڵی یازده‌هه‌می (١٩٨٦)ی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی بڵاوکراوه‌ته‌وه ٠

# ساتمە

ئەسپ سوارێك
چەند سەدەیە
لە مەیدانی غار غارێندا
پێی لە ئاوزنگی ئەسپەکەی
توووند کردووە .
بەڵام لەبەر زۆری ساتمەی
هەورازەکان
دەکەوێت و نغرۆ دەبێ .
کەچی ئەسپیش بەبێ سوار
دەحیلێنێ و سمگۆڵ دەکا ،
تا ئەو کاتەی
سوارێك دێت و
جێگای سوارەی نغرۆدەگرێ ●

٢-٤-١٩٨٥

# ڕامان

ئەوو ئەوان

لێم دەپرسن :

بۆچی ئاوا گۆشەگیری ؟!

خۆت بە زیندەگانی نامۆو

تەنیاییو قەدەر دەسپێری ؟

لێم دەپرسن :

ئەوانەی زمانیان لە دەمە

بەسە ئاکەی

لەسەر ئەسپی

کەحێلەی چاوەڕوانیدا

ئایە خوارێ

زەمەن دەڕواو

ڕامانی تۆ

دەبێتە کڵۆیە بەفرو

بەسەر ڕستەی گرێبەندی

کەزی یەکانت دادەبارێ !

هەر پرسیارەو

برینەکان قوڵتر دەکات ،

ئازارەکان بەبێ هەتوان
« گارە » دەدات
لە وەڵامی
ئەو پرسیارانەی دەیزانن ،
ئەو زامانەی بێ هەتوانن
ئەوان دەڵێن :
بەسە ئیتر
تارا بەسەر
ڕامان بەسەو کات درەنگە
منیش دەڵێم :
کوانێ ئێوەو
کوا خاوەنی زەماوەندتان ؟
کوا ... کوا ... بۆ بێ دەنگە ؟!

١٩٨٨-٦-٦

---

(١) لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە «١٠١٦»ی بەرواری ١٧-١٠-١٩٨٨ بڵاوکراوەتەوە .

# گریان(1)

که لە پریسکەی چاوەڕوانی
هاتینە دەر
حەشاماتێک ئاپۆڕەی دای ،
هۆزەبانەیان بۆ کردی ۰
کاتێک بەسەر
یەکەم پەیژەشدا سەرکەوتی
ڕوو لە ئاسمان
بەدەم قولپێ گریانەوە
دنیات هەژاند
میلی « زەمەن »ت ڕاگرت و
تخووبی ئەتلەسەکانت
یەک یەک بەزاند
بەڵام منارەی مل باریک و
کەلەشێری دەم بەیانی
لە خەوێکی زۆر قووڵ دابوون
لە دەنگی زەنگوڵێ کاروان و
گفە گفی ڕەشەبادا
بێ ئاگا بوون ۰

١٩٨٨ـ٧ـ٧

---

(١) لـە ڕۆژنامەی هـاوکاری ژمارە «١٠٥٧»ی بـەرواری « ٩ـ٣ـ١٩٨٩ »دا بڵاوکراوەتەوە ۰

# دابڕان(١)

کاتێك هەورو لوونکەی سەرکەش
بە یەك دەگەن
باسی لەزەتی ماچ دەکەن .
کە ڕەگو ووردە ڕیشاڵی
دارو دەوەن
بە ڕووباری فێ لێهاتوو ،
ڤێکری شەپۆلەکان دەگەن
باسی عەشقێکی ئەزەلی و
ژانی زامی
لە یەکتر دابڕان دەکەن .
کاتێك چاوێکی بێدارو
شەوی ئەرژەنگ
بەیەك دەگەن
باسی ئاسۆو هەتاو دەکەن
کاتێك منو تۆش پێك دەگەین
باسی خونچەی ڕەنگاوی و
دەیان بوخچەی پێچراو دەکەین .

٧ـ١٠ـ١٩٨٨

---

(١) لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە «١٠٨٣»ی بەرواری « ١٧ـ٦ـ١٩٨٩ »دا بلاوکراوەتەوە .

# ببرازه

« پێشکەشە بە هاوڕێی شاعیرم قوبادی جەلیزادە »

لە خەرەندان

لە ببرازەی تەنگ و تاریک
دەقژ قژێن
مێروستانی نەحەساوەی
سەر گەورە گەورەی مل باریک .
سپی پۆشن
گیانیان بەڤرەو
هەموو ساڵێ
لەگەڵ یەکەم
نرکەی هەوری سەرماوەزو
ڕێبەندانا
خۆیان دەکەنە میوانی
کەپرۆکەی شر .
دڕ دەدەن بە داوەرەکان
ئاهی سەردو نیگەرانی
دەسڕنەوە ،
گیانی جهان دێنن بەگوڕ .
درەنگە ساڵەو

# تەڕاوزەکان

تەڕاوزەکان

چاوەڕوانی پەلەی « یەعقوباغە » دەکەن ٠
نەمۆخەکان
سوور بووینەوە ،
ئاخ دوو گیانەو
لە چاوەڕوانی مامانداا
بەرەژانی گەورەو قەبە
بەسەر هەتوان دابەش دەکات ٠
ئاخی دوو گیان !!
چاوت کلاو ڕۆژنەیەکەو
ڕوو لە هەتاو
هزرت لەلای مامانێکە ،
لە گیان گۆڕستانێکدایە
بێ بەرییە
لە تەکانو قەترەیەك ئاو ٠

١٩٨٩-٦-١٥

# تاتە شۆری مەرگ

کە دەستت کردە خنۆکی
تووڵە ڕێگای پڕ لە ساتمە
هەنگاوەکان
لەسەر تاتەشۆری مەرگ
ڕاکشا بوون .
بەرانگژی ترۆپکێک بووی
هەڵزنانی پێ نیشان دای .
بەسەر پشتی گەوە شاخو
تووڵە ڕێگای پڕ لە هەڵدێر
تەکانتدا ...
تەکانێک ... دوان ،
سێ ... چوار ... دەیان
ملیۆنەها تەکانی ڕوو لە هەورازی
ئارەق ڕێژی بێ ڕاوەستان .
ئارامێکی ئەیبوبیانەت
گردبووە تێشووی هەنگاوی لولاقەکان .
چاوەکانت
دوو گلێنەی « بلاچکۆر » بوون
زمانی « بەکۆ »و « مەڕەکانی »
پەرداغ دەکرد .
ترۆپکی « تەما »ت

وەك هەنگاوێكی ڕەوهانو
سەركێشێكی بێ داڵدە بوو
لە گەوە گەوەی ڕەوەزو
سپیانی پڕ لە نسكۆدا ،
ڕا هەڵزنا .. !!
سەدات وێنەی
گا بەردێكی خلۆرەوە بووی
دوا هەنگاوی ترۆپكێكە ،
بەرەو ناخی خەرەندێكی
سیامەند كوژی
دڵ كۆڤانۆ مەكۆی هیوا .
كەوتیە خەرەندی خورشیدی چاو بەخارو
زەنە بەفری
دوازدە ئاسكی ڕێ وون بوو ...
ئەوا ئێستاش
منو ئەوان
لە لێزمەی بارانی چاوت
تاتەشۆری مەرگ دەشۆین
تێشووی ئەبیوبیت لامانەو
هەنگاو هەنگاو
سواری ملی هەوراز دەبین ،
بەرەو ترۆپكی سەركەش دەڕۆین .

١٩-٧-١٩٨٩

# فەرهەنگۆك

ئاخ : خاك .

ئاقار : سنوور ، تخوب .

ئاگرەكە : نەخۆشی‌یەكی تایبەتی پێستە زێتر منداڵ تووشی
دەبێت‌و زووش تەشەنە دەكات .

ئاوزینگ : ركێف .

ئاپۆرە : حەشامات ، كۆم بوونی خەڵك .

ئەرژەنگ : ناشیرین ، دزێو .

بوخچە : پارچە قوماشێكی چوار گۆشەی گەورە یا بچووكە ،
جاران ئافرەت كەل‌و پەل‌و وردەواڵەی
تێ‌دەكرد . لە جیاتی جانتای ئەمرۆ بوو .

بیرازە : ئەلجەدی گۆڕ .

بەرانگژ : بەرەنگار .

برێسكە : زۆر لە بوخچە بچووكترە .

تاتەشۆر : تەختە دارێكە مردووی لەسەر دەشۆن .

تاوێر : گۆمەڵە بەرد .

تەریفە : زۆر تێنوو .

تەكان : هێز دانە بەرخۆ .

تەما : ئومێد .

تەڕاوز : ئەو دەنکەیە کە پاش باران باریتی زستان دەکرێت .

تەمۆخ : گابەردێکی زیخاوییە .

تخوب : سنوور ، تاقار .

جمان : جوولان ، تێکچرژان .

خەرەند : دۆڵێکی قوڵە لە مابەینی دوو شاخ .

خنۆک : بینە قاقا .

دەقژقژێن : تێک دەچرژێن ، تێک دەسوڕێن .

ڕێچکۆلە : ڕێگای باریک کە پیادە پێیدا بڕوات .

زەنە بەفر : ڕنیە بەفر .

ساتمە : پێ گیر بوون لە شتێک و پاشان کەوتن یان ڕەت بردن .

سواندوکە : چۆلەکە پاساری .

قەیناغ : ئامرازێکە سەپان لە پەنجەکانی دەکات بۆ دروێنە کردن .

کۆتک : جامی لەدار دروست کراو .

گارە : کلیل دان ، دانیشتوانی ناوچەی ڕەواندوز ئەم ووشەیە بەکار دەهێنن .

گۆزینگ : قوڵە پێ .

لولاق : ئێسقانی خوار ئەژنۆ تا قولەپێ .

مەکۆ : بۆسە .

مێرووستان : مێرووله ·

نێرِیده : هەڕەت ·

هەژگ : دڕك ·

هۆزەبانە : دابەش کردنی شیرنایەتییە بەسەر خەڵکدا بەبۆنەی کوڕ بوونەوە ·

★ ★ ★

# له چاپکراوەکانی شاعیر

١ ـ پەردەی شەرم ، شیعر ، سلێمانی ، چاپخانەی ڕاپەڕین ، ١٩٨٢ ٠

٢ ـ کەلەشێری سپی و کەلەشێری ڕەش ، وەرگێران لە عەرەبییەوە ، کۆمەلە چیرۆکی منداڵان ، بەغدا ، چاپخانەی « اسعد » ، ١٩٨٨ ٠

٣ ـ تەگان ، شیعر ، بەغدا ، ١٩٩٠ ، چاپخانەی « الامة » ٠

# سوپاس و پێزانین

★ بۆ کاکی فۆلکلۆر پەروەر ( سەعدوللا شێخانی ) کە ڕەزامەندیی و دارایی و سەرپەرشتی گرتە ئەستۆی خۆی .
★ بۆ شاعیر و هونەرمەند ( فاضل شەوڕو ) کە بەرگەکەی بۆ کێشاوم .

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| یادەکانم لە سووتانی شەوێکدا | ٣ |
| زام | ٥ |
| سووتانی دڵێك لە شەوی نەورۆزدا | ٧ |
| سێ تۆپڵە شیعر | ٩ |
| ئاگردان | ١١ |
| تەکان | ١٢ |
| نەورۆزو عەشقو لێکدابڕان | ١٤ |
| ساتمە | ١٧ |
| ڕامان | ١٨ |
| گریان | ٢٠ |
| دابڕان | ٢١ |
| بیرازە | ٢٢ |
| تاتەشۆری مەرگ | ٢٤ |
| فەرهەنگۆك | ٢٦ |
| لە چاپکراوەکانی شاعیر | ٢٩ |
| سوپاسو پێزانین | ٣٠ |



نرخی (٦٥٠) فلسە

رقم الایداع في دار الكتب والوثائق ببغداد

٧٨٠ لسنة ١٩٩٠



شاعیر لە چەند دێڕێکدا :

★ لە نیسانی ١٩٦٢ لە دایك بووە ٠

★ لە ساڵی (١٩٧٨)ەوە شیعر دەنووسێ٠

★ بەرهەمی لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە
کوردی یەکان بڵاوکردۆتەوە ٠

★ ئێستا مامۆستایە لە شاری هەولێر ٠


● سەرپەرشتی چاپ : سەعدوڵلا شێخانی ●

● نەخشـەی بەرگ : فاضـل شـەوڕۆ ●